# فەلسەفە و دیموکراسی و خۆرئاوا

## (دیالۆگێك لەگەڵ ریچارد رۆرتیدا)

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: کارزان محەمەد



ئاماژە: ریچارد رۆرتی نە فەیلەسوفێکی شیکارییەو نە پۆست مۆدێرن، بەڵام هاوکات هەم فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنە و هەم شیکاریی. ئەو" لەم دوو کانگایەوە سەرچاوەی گرتووە و هەم ڕەخنەی جددیانەی لەسەر هەردوو فەلسەفەکە هەیە. رۆرتی ئەمڕۆ یەکێک لەبەرزترین ئەو سەدایانەیە کە بەسەربەخۆ لەم دوو ئینتما فەلسەفییە دەبیسترێت. سەدایەکی تاقانە و تایبەت بەخۆی هەیەو فەلسەفەی ئەمەریکی دوای ماوەیەک لەبێدەنگی" سەرلەنوێ هێنایەوە سەر زمانان. ئێستا رۆرتی لەناسراوترین فەیلەسوفەکانی جیهانە لەبواری پراگماتیزمی فەلسەفەدا و لەڕیزی گرنگترین بیرمەندانی هاوچەرخدایە.

هەنوکە رۆرتی مامۆستای فەلسەفەیە لەزانکۆی ستانفۆرد (Stanford)، ئەم گفتوگۆیەش جیانکارلۆ مارچیتی (Giancarlo marchetti) لەگەڵ ناوبراودا سازی کردووەو لەدیدی خۆیەوە، لەهەرکام لە چەمکەکانی فەلسەفەو دیموکراسی و خۆرئاوا دەدوێت، ئەو چەمکانەی کە ئەمڕۆ نەک بۆ خۆرئاوا، بەڵکو لەلای تەواوی جیهان جێی سەرنج و تێڕامانن.

*** *** ***

***چلۆن بەرەو ڕاڤەکردنی فەلسەفە رۆیشتیت؟**

-کاتێک لاو بووم، ئەفلاتون و نیتچەم دەخوێندەوە و بیرم لە بابەتە هاوبەشەکانی نێوانیان دەکردەوە، بەتێڕوانینی من ئەمە تێگەیشتنێکی هاوبەشی ناو خەڵکە کە فەلسەفە بە سەیروسەرنجڕاکێش دەزانن. من بەڕێکەوت چوومە زانکۆیەک کە فەلسەفە تیایدا جەماوەریی (Popular)بوو. لەوێدا بوو فێری ئەوەبووم کە فەلسەفە جۆرە کاروپیشەیەکی ئاساییە کە ئاوێتەی بووم.

***بەدرێژایی ماوەی خوێندنت، کەوتیتە ژێر کاریگەری کێ؟**

-کۆمەڵێک مامۆستای جۆراوجۆر لەزانکۆی شیکاگۆ وەک لیۆ شتراوس (Leo Shtrauss) چارلز هۆرتشۆون (Charles Hortshoune) کە خوێندکاری ویت هوَد بوو و رۆدۆلف کۆرناپ (Rudolph Cornap) کە مامۆستایەکی جیاوازبوو لەوان کاریگەرییان لەسەر من هەبوو.

*** ئینتمات بۆ چ فەیلەسوفێک هەیە و بۆ؟**

-ویلیام جیمز (William James) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە زۆرترین ئینتمام بۆی هەیە. ئەو هەرگیز سروشتی ساتیرانەی خۆی لەنوسینەکانیدا فەرامۆش نەدەکرد. ئەو دەینوسی، چونکە چێژی لەمکارە وەردەگرت. ئارەزوویەکی چالاکئامێزی هەبوو کەمن ئینتمام بۆی هەیە. خۆزیا هاوشێوەی ئەو دەبووم.

*** دەخوازم بپرسم چۆن دەنووسی؟ نوسینەکانت زۆر بەپێز و ڕیفۆرم دەکەی؟**




-بەشێوەیەکی گشتی بەڕەشنوس دەست پێدەکەم، دواتر لێی هەڵدەهێنجم و پاشان بۆ پاڵاوتنی ئەم نوسینەم، چەند هەفتەیەک یاخود چەند مانگێک کاتی بۆ تەرخان دەکەم.

***با بۆ فەلسەفە بگەڕێینەوە، دەکرێ کەمێک دەربارەی جۆری پراگماتیزمتان (Pragmatism) بدوێیت؟**

-بەتێڕوانینی من ئەوەی کە من لە پراگماتیزمە کلاسیکییەکان بم، تەنها تیۆرییە کە زۆر دیار نییە. هەرگیز وابەستەی ئەوە نیم کە (تێگەیشتنی ئێمە عەینییە یاخود زەینییە objective of subjective)ە، بەتێڕوانینم باشترین کارێک کە پراگماتیزمەکان دەکرێ ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە خۆیان لە جیاکردنەوەی بیرۆکەو کردار دوورخەنەوە.

*** جیاوازی پراگماتیزمی تۆ لەگەڵ (هیلای پوتنام Hilary Putnam)دا چییە؟**

-پێموانییە جیاوازییەکی ئەوتۆ هەبێ، جیاوازی ئێمە ڕەنگە لەوەدابێت کە ئەو گرنگییەکی ماندار دەدات بە زمان و ئینتما. لەکاتێکدا کە من ڕام لەسەر وینگشتاین هەیە کە بێگومان ڕەنگە ئەمە جۆرە جیاوازییەکی ئینتما بێت تا شتێکیتر.

***ئێتیکی تایبەتی پراگماتیزم چییە؟**

-من پێموانییە پراگماتیزم ئیتکگەلێکی تایبەتی هەبێت. ئەگەر بەلاتەوە باش بێت، پێویستە ئەو بەجۆرە میتائیتیک (meta ethies) دابنرێت. بەڵام کانت، هەنوکە گەورەترین کاریگەردانەرە لەسەر فەلسەفەی ئیتیک. کاتێک تۆ کانت دەخوێنیتەوە، وابیردەکەیتەوە کە ئیتیکی ئەو بەشێوەیەک تایبەتە کە هاوبەشییەکی کەمی لەگەڵ دەرکەوتە کلتورییەکانیتردا هەیە و شتێکی جیاوازە. دیویی دەڵێت کە ئێمە پێویستمان بە جیاوازیکردنی ئیتیک و کاری عەقڵانی نییە. هەموو گرنگیو جیاوازی ئەم دووانە بۆ بوونی مرۆڤ دەگەڕێنەوە. کاتێک مەسەلەیەک سنوردار دەکرێت، ئەوە بەئیتیکێک ناویدەبەین کاتێکیش سنوردار ناکرێت، بەمەسەلەیەکی عەقڵانی ناوزەدی دەکەین. گرنگی ئەم خاڵە، زیاتر لەوشتەدایە کە کانت بیری لێدەکردەوە. شتێکە هاوشێوەی جیاوازی لۆژیک و هەست، لۆژیک و هەڵچوون و یان فەلسەفە و ئیتیک و ...، لەسەر ئەم بنەمایە، ئەوەی دیویی بۆ فەلسەفەی ئیتیکی ئەنجام دا، جیاکردنەوەی بوو لەکانت. من پێموانییە پراگماتیزم پشکێکی زیاتری لە بنیادنانی ئیتیکدا هەبێت.

***پراگماتیزم چ پێشنیازێکی بۆ گوندیی جیهانی هەیە؟**

-پراگماتیزم بەرگرییەکی فەلسەفیانەمان دەداتێ لەبەرامبەر کلتورێکی تەواو عەلمانییەتدا. کلتورێك کە نیتچە بەدیارنەمانی (تەواوی نیشانەکانی)ی خودا ناوی دەبات و هەموو شتێك لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات، بەتێڕوانینی من ئەمە جۆرە مرۆڤتەوەرەییەکە.

***لەدەیەی ١٨٧٠دا کاتێك کە پراگماتیزم لەهەموو جێگاکاندا بڵاوبووبۆوە، تیۆرییەکانی داروینیش بەتوندی کاریگەردانەر بوو. بەتێڕوانینی تۆ داروین چ گرنگییەکی بۆ پراگماتیزم هەبووە؟**

-ئەو بزوێنەرێکی باشی پراگماتیزم بوو. وردبەرەوە، ئەو دەریخست کە تۆ پێویستت بە هەستێکی میتافیزیکی مرۆڤ یاخود توانای تایبەت نییە. لەبری ئەوە دەتوانیت مرۆڤ بەجۆرە گیانلەبەرێکی ژیر بژمێریت، ئەو ئەرکێکی جددی خستەسەرشانی فەیلەسوفەکان و پراگماتیزمیش زیاتر جێی بایەخی ئەو کەسانە بوو کە بایەخیان بەو کێشانە دەدا کە داروین هێنابوویەئارا.

من پێموایە داروین یەکێك لەگرنگترین بزوێنەرەکانی پێشکەوتنی پراگماتیزم بوو. بەلاّم ئەم مەسەلەیە زۆر جیاوازە لە بەشداریکردنی لەگەڵ پراگماتیزمدا.

*** ڕۆڵی ڕووناکبیریی لەئەمریکا چییە؟**

-ئەوان تائەو شوێنە لەسیاسەتدا ڕۆڵیان هەیە کە تەنها ئاگاداری هاوڵاتیان بکەنەوە لەبارەی کەوتنە ژێرمەترسی دیموکراسییەوە. لەشوێنێکدا کە ڕووناکبیر لە وڵاتێکی



نیچە

نادیموکراسیدا کاردەکات، هەوڵەکانی ئەو بۆ دروستکردنی دیموکراسی، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە.

*** با سەرنج بدەینە دواکتێبت واتا فەلسەفەو ئومێدی کۆمەڵایەتی، مەبەستت لە ئومێدی کۆمەڵایەتی چییە؟**

-واتا ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن بیر لەچی دەکەنەوە، ئەوە پیادە بکەن. ئەندامێك بن لەبەرامبەر کۆمەڵگای جیهانیدا و ترسیان لەیەکتر نەبێت.

***لەتێڕوانینی تۆوە ئامانج لەفەلسەفە چییە؟**

-بەتێڕوانینی من فەلسەفە لەو دەستە شتانە نییە کە ئامانجیان هەیە. بەتێڕوانینی من ئەمە ئەرکی کۆمەڵە کە ڕەوتی گۆڕان بپارێزن و هەوڵدەدات ئێمە بگونجێنێت لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لەساتی ڕوودانداندان. لەسەدەی هەڤدەهەمدا، فەیلەسوفەکان هەوڵیان دا تا گالیلۆ و نیوتن بخەنە تەوەرەی گفتوگۆکانی خۆیانەوە. لەسەدەی هەژدەهەمدا، ئەوان ئایدیاکانی خۆیان لەچوارچێوەی شۆڕشی فەرەنسادا ڕاگەیاند. لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوان هەوڵیان دا داروین بخەنەبەرباس.

لەسەدەی بیستەمدا، ئەوان تێڕوانینی خۆیان لە فرۆیددا دەبینییەوە. کلتورو کۆمەڵ، گۆڕانکارییەکان دەپارێزن و ئێمەش ئەو کەسانە بەفەیلەسوف ناوزەد دەکەین کە هەوڵ دەدەن بەئەندازەی تەواو ئەم گۆڕانکارییانە بکەنە شیاوی بەرگەگرتن.

*** تۆ لەوباوەڕەدای کە فەلسەفە رۆڵێکی گرنگی لەرۆشنکردنەوەی رێگادا گێڕا بۆ دامەزراندنی ناوەندگەلێکی دیموکرات لە رۆژئاوادا، چونکە هاریکاری بەعەلمانیکردنی رۆژئاواشی کردووە، بەلام هەنوکە دیموکراسی پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەژیاری فەلسەفی لە قارەکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە نییە. ئایا ئەمە بەومانایەیە کە هەنوکە رێگای بەدیموکراتیزەبوون بەعەلمانییەتدا تێناپەڕێت یاخود ئەوەی کە بەعەلمانییەتبوون پێویستی بەفەلسەفە نییە؟**



-بەبڕوای من بیرکردنەوە سەبارەت بەدیموکراسی، بەبێ ڕەچاوکردنی عەلمانییەت کارێکی زۆر سادە نییە. بەدرێژایی مێژوو، هەم حکومەتەکان بەتێپەڕبوون لەم ڕەوتگەوە توانیویانە بەرەو بەدیموکراتیزەبوون بڕۆن. تائەو ساتەی کە دەوترێت یاسامرۆییەکان دەبێ لەسنورێکی تایبەتدا بمێننەوە و لەمەڕ سەقامگیربوونی ئەم یاسا تایبەتیانەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتەوە هەوڵ بدرێت بیر لەدیموکراسی بکرێتەوە، ئەگەرنا نامومکینەو کارێکی زۆر دژوارە.

مرۆڤ لەهەلومەرجێکی لەوجۆرەدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵاتی ڕایگشتی هاوڵاتیان لەو کۆمەڵگایانەدا، سنورگەلێکی دەستنیشانکراوی هەیە. سەرەڕای ئەوە، لەهەر پرۆژەیەکی دیموکراسیدا، ئەو ئایدیایەی کە نابێ دەسەڵاتێك لەسەروو دەسەڵاتی ڕایگشتییەوە هەبێ، بەشێوەیەك دیارو لەبەرچاوە کە وێناکردنێك بەدەرلەوە" زۆر بەدژوار دێتەبەرچاو.

ئۆگۆست کانتی فەیلەسوفی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا، کاتێك وتویەتی کە ژیانی مرۆڤ لەسێ قۆناغ پێکهاتووە. لەسەرەتادا تێڕوانینێکی مەزهەبی هەبووە، دواتر هزری میتافیزیکی و سەرئەنجام لەقۆناغی سێیەمدا، هزری پۆزەتیڤ و سەلمێنراو.

بەتێڕوانینی من ئەو ئاماژەی بۆ خاڵێکی گرنگ کردووە چونکە بەدەستپێکردنی عەلمانییەت، زەرووەرتی بوونی بینینی میتافیزیکی دەبینرێت تا بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی تێڕوانینی مەزهەبی. بەڵام لەکۆتایدا بینینی

میتافیزیکیش بەهەمان ڕێی مەزهەبدا دەڕوات. میتافیزیک و مەزهەب، هەردووکیان وەک سەرچاوەیەک بۆ گوزارشتکردنی خودی کەسەکان و شێوەگەلێکی مانابەخشین بەژیانیان دەپارێزێت. بەڵام کاتێک کە پێگەی هزر دەربارەی ستراکتورو سیستەمی کۆمەڵ دەهێنرێتە ئارا، ئاراستەی خۆی لەدەست دەدات و ناتوانرێت نیشانەیەکی لێبدۆزرێتەوە. ئەوەی کە (کانت) بە قۆناغی هزری پۆزەتیڤ ناوی دەبات، بەبڕوای من پێویستە بەقۆناغی پراکتیک ناوبرێت کە تیایدا، تاکەکەس ئیتر بەشێکی گرنگی لەهزری تیۆریی خستۆتەلاوەو تەنها لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان بەتایبەت لەکاتی ڕوودانیاندا" سەروکاریان هەیە. لەم بوارانەدا مرۆڤ لەوبڕوایەدایە کە هەر ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەیەک، خۆی زەمینەسازی کێشەگەلێکی نوێیە کە پێویستە لەسەر ڕێگا لابرێن.

بەپێچەوانەوە بەپێویستی نابینێت کە بایەخ بە گوتەزایەک بدات ماهیەتی مرۆڤ لەکۆمەڵدا یا لەمێژوودا و یاخود پۆلێنی بکات،


کانت

چونکە لەوجۆرە بیرکردنەوەیەدا، پێشتر شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە نوێیەکاندا بۆ مرۆڤ دەستنیشان دەکرێت.

ڕێبازی گەیشتن بەدیموکراسی لەهەندێ لەوڵاتاندا جیاوازیگەلێکی لەگەڵ خۆرئاوادا هەیەو بەهەمان ڕەوتگەدا تێناپەڕێت، یەکێک لەو جیاوازیانە پەیوەندیدارە بەئایین و دیموکراسییەوە. ئەم پەیوەندییە پێویستە ئۆرگانیزە بکرێت.

*** تێڕوانینی تۆ دەربارەی ئەو ئەزموونانەی نمونەی ڕاڤەکردنی دیموکراسی لەئایینەوە یاخود دیموکراسییە ئایینییەکان چییە؟**

– من سەرلە دیموکراسی ئاینی دەرناکەم. لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسانی کڵێسای کاسۆلیك و پرۆتستان ماوەیەکی زۆر زۆرانبازیان لەگەڵ گوتەزای دیموکراسیدا گرت لەپێناوئەوەی کە خۆیان لەگەڵ ناوەندە دیموکراسییەکاندا بگونجێنن، پێبەپێ بەرەو ڕێکخستنی میتۆدێکی یاسایی ڕۆیشتن. بەڵام سەرئەنجام لەبنەڕەتدا پێکهاتەی ئینتما و مەزهەبی جۆراوجۆر و هەمەچەشنە و جیاوازییان تیادابوو. لەم پرۆسەیەدا، ئاینەکان و ڕێبەرە جۆراوجۆرە ئاینییەکان کە بەجدیەکی تەواوە لەئایینەکەی خۆیان دەدوان، هاتنە مەیدانەوە. بەڵام سەرئەنجام ئەو هەلومەرجە بووبەمایەی ئەوەی کە تاکەکەس لەکاتی دوان دەربارەی باسە سیاسییەکان، تێڕوانینە ئاینییەکەی خۆی تێکەڵاوی نەدەکرد و

پراکتیزەی نەدەکرد. بەمشێوەیە، باسکردنی دیموکراسیی ئایینی لەتێڕوانینی منەوە، کە تیایدا سیستەم و کلتوری تیادایە، تەنها لەهەمان ئەو چوارچێوەیەدا دەگونجێت و ئایین تەنها بەمەسەلەیەکی تایبەت دەژمێردرێت.

*** لەوباوەڕەدایت کە ڕۆڵی فەلسەفە و باسە مەعریفییەکانی ئەمڕۆ زۆر کەمڕەنگن و دیموکراسی پێویستی بەوان نییە. لەکاتێکدا کە پێشبینیدەکرێت کە بۆ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان ئەم بریاردانە ڕاست نەبێت. بۆ نمونە لەهەندێ کۆمەڵگادا کە ئایین ڕۆڵێکی گرنگ لەژیانی خەڵکدا دەگێڕێت، بەرگری لە چەمکگەلێکی وەك عەلمانییەت یاخود دیموکراسی پێویستی بە باسە مەعریفییەکان هەیە و جگە لەمە باسە تیۆری و فەلسەفییەکان گۆڕانێك بەخۆیانەوە نابینن؟**

– من ئەم باسە ناخەمە بازنەی مەعریفەناسییەوە. بەڵکو ئەوە بەڕێگایەك بۆ بیرکردنەوە دەربارەی ڕاستییەك دەزانم کە لەڕێگەی ڕای هاوبەش و گشتییەوە بەدەست دێت. بەتێڕوانینی من، فاکتەری بنچینەیی لەم نێوانەدا، ڕای هاوبەشە. بەشێوەیەکی ڕەهایانە دەکرێ بڵێین کە دەستەبەرکردنی سیستەمێکی لەوجۆرە بەهاریکاری کلتورێکی ئاقڵمەند نەبێ وەدینایەت. ئەویش کلتورێك کە ئەدەبیات و هونەر تیایدا لەگەڵ سیاسەتدا ئاخنرا بێت.

ڕەنگە فەلسەفەش لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵاوکرابێت. بەڵام بەبڕوای من ڕۆڵی فەلسەفە ڕۆژبەڕۆژ کەمڕەنگتر دەبێت، لەکاتێکدا کە ئەدەبیات و هونەر مادام گرنگییەکی زیاتر دەردەست دەکەن، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەقیقەت تیایدا، بەفاکتەرێك دادەنرێت کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دەکرێ لەسەری ڕێك بکەون. بەش و لقە گرنگە کلتورییەکان لەناو باسە جیاوازە فەلسەفییەکانی نمونەی ماهیەتی هەقیقەت، ماهیەتی واقیع و ماهیەتی زانستدا ناگونجێت. ئەم بەشانە پێشنیازگەلێك بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرن و تیایدا پرۆژەی وەدیهاتوو و کارا، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ.

ئەم باسانە بەباشترین شێوە لەئەدەبیات و هونەردا خراوەتەڕوو تا دەگاتە فەلسەفەو




بەوهۆیەوە پێموایە کە فەلسەفە لەپرۆسەی سەقامگیرکردنی عەلمانییەتدا فاکتەرێکی سودمەندە. بەڵام کاتێك کە عەلمانییەت سەقامگیربوو، فەیلەسوفان وردە وردە پێگەی

**خۆیان دەدەن بە هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی بواری ئەدەب و هونەر.**

**تۆ دیموکراسی تەنها بە هەڵبژاردنی بەرپرسان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاددا دانانێیت و لەوباوەڕەدایت کە دیموکراسی مانایەکی بەرفراوانتری لە دروشمێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە هەلی یەکسان و هاوتا لەگەیشتن بە پێداویستییەکان فەراهەم دەکات و لەڕاستیدا دیموکراسی بەجۆرە یەکسانخوازییەك (egalitarianism) دادەنێیت.**

***ئایندەی فەلسەفە چییە؟**



–بەتێڕوانینی من بابەتێکی تەواو پێشبینی‌نەکراوە، پیاوان و ژنانی داهێنەر زوو دێنەئارا کە هەمووان توشی سەرسوڕمان دەکەن، ویتگنشتاین و هایدگەر شیاوی پێشبینی‌بۆکردن نەبوون. ئەوان تێڕوانینی ئێمەیان بۆ فەلسەفە گۆڕی، هەروەکچۆن کە کانت و هیگڵ کردیان. هیچکەس نەیدەتوانی پێشبینی کانت یاخود هیگڵ بکات. لەسەدەی بیست‌ویەکەمیشدا لەوانەیە داهێنەری‌تریش بناسین، بەڵام تائەم کەسانە نەناسین، نازانین ئایندەی فەلسەفە چۆن دەبێت.

*** ئایندەی فەلسەفەی شیکاری چۆن دەبێت؟**

–من دڵنیام کە خەڵك بەردەوام دەبن لەخوێندنەوەی (کارناپ) (کوین) (دیڤید سۆن) (براندۆ) و.. لەمڕووەوە، ئاینده وابەستەی فەلسەفەی شیکاریی دەبێت. بەڵام هێنانەوەی ئەو پرسیارە وەك ئەوەیە کە کەسێك لە دەیەی (١٨٣٠)دا بپرسێ (ئایا ئایندە وابەستەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی دەبێت؟). کەم کەس دەتوانێت پێشبینی بکات یاخود ئومێدی وابێت کە خەڵك بەردەوام دەبێت لەخوێندنەوەی کانت و هیگڵ. بەڵام ئەنجامی خوێندنەوەی کانت و هیگڵ هاوشێوەی ئەوە نەبوو کە دواتر بە ئایدیالیزمی ئەڵمانی ناوزەدکران. هەربۆیەشە، پێموایە کە دەرئەنجامی خوێندنەوەی (ویتگنشتاین) (دیڤید سۆن) (براندۆم) و.. ڕەنگە زۆرێك هاوشێوەی ئەوە نەبن کە ئەمڕۆ بە فەلسەفەی شیکاریی ناویان دەبەین. ئەوانەی بەرهەم دەهێنرێت، بەندە بەتێگەیشتنی ئەو کەسانەی دێنەئاراوە.

***دەتەوێت چ دیدگایەکی فەلسەفی بۆ هەزارەی سێیەم پێشکەش بکەیت؟**

– پێموایە فەیلەسوفەکانی ئایندە، کەمترو کەمتر دەربارەی هزر، ئەزموون، هۆشیاری‌خود و زیاتر دەربارەی هەموو زاراوە تەوصیفییەکان دەدوێن. لەکەمترین سنوردا، ئومێدەوارم ئەمە چوارچێوەیەکی (case) بێت.

**سەرچاوە: سایتی** (www.goftman.con)